# سەنتەری زانیاری بۆ تەندروستی جنسیی • Kunskapscentrum för sexuell hälsa

## وەرگرتنی پرۆقی خانە

## Cellprovtagning



پرۆڤی خانە ژیان ڕزگاردەکات! تۆ دەتوانیت خۆت بەدوور بگریت لە شێرپەنجەی ملی مندالّدان  لە ڕێگەی ئەوەی هەموو سالّێک بچیت بۆ وەرگرتنی پرۆقی خانەی ناو لەشی ژنان. تەنانەت ئەمە ئەوانەش دەگرێتەوە کە دژبە شێرپەنجەی ملی مندالّدان کوتراون.

Cellprov räddar liv! Du kan undvika att få livmoderhalscancer genom att du går på varje gynekologisk cellprovtagning. Det gäller även om du är vaccinerad mot livmoderhalscancer.



ڕەنگە خانەکانی ملی مندالّدانت گۆرانکاریان بەسەردا بێت و بەرەو شێرپەنجە پەرەبسێنێت بێ ئەوەی تۆ تێبینی بکەیت. کاتێک تۆ پرۆقی خانەت دادەنێیت، دەکرێت گۆڕانکاریەکان بدۆزرێنەوە و لابرێن.

Celler i din livmoderhals kan förändras och utvecklas till cancer, utan att du märker det. När du tar ett cellprov kan förändringarna hittas och tas bort.




دانانی پرۆقی خانە بە خۆڕایی یە.

Att lämna cellprov är gratis.



ئەوە مامانێکە لە بنکەی پێشوازی مامان کە پرۆقەکەت وەردەگرێت.

Det är en barnmorska på en barnmorskemottagning som tar provet.



بەشی خوارەوەی جلەکانت دادەکەنیت و لەسەر کورسیەکی پشکنین دادەنیشیت.

Du får ta av dig på underkroppen och sätta dig i en undersökningsstol.

För info om symbollicenser: http://www.dart-gbg.org/licenser
Detta bildstöd är skapat via www.bildstod.se i samarbete med
Närhälsan Kunskapscentrum för sexuell hälsa i Västra Götaland

# سەنتەری زانیاری بۆ تەندروستی جنسیی • Kunskapscentrum för sexuell hälsa

## وەرگرتنی پرۆڤی خانە

## Cellprovtagning



مامانەکە پرۆڤێکی خانە لە ملی منداڵدان وەردەگرێت بە یارمەتی فڵچەیەکی نەرمی بچووک وسپاتێلێک. زوربەی خەڵکان پێیان وایە ئازاری نیە، بەڵام هەندێک کەس ڕەنگە هەست بە کەمێک ناخۆشی بکەن کاتێک پرۆڤەکەیان لێوەردەگیرێت.

Barnmorskan tar cellprovet från livmoderhalsen med hjälp av en liten mjuk borste och en spatel. De flesta tycker inte att det gör ont, men en del kan känna lite obehag när provet tas.



خودی پروڤ وەرگرتنەکە زوربەی کات تەنها خولەکێک دەخایەنێت.  گەر بتەوێت کەسێکت لەگەڵدا بێت، ئەوا دەتوانیت ئەوە بکەیت.

Själva provtagningen tar ofta bara en minut. Vill du att någon följer med dig, så går det bra.



تۆ نابێت پروڤیان پێ بدەیت ئەگەر خولی مانگانەت هەبێت. لەو حاڵەتەدا دەشێت کاتێکی نوێ وەرگریت.

Du ska inte lämna cellprov om du har mens. Då får du boka en ny tid.



ئەگەر کاتەکە بۆ تۆ نەگونجێت، ئەوا دەتوانیت لە ملپەڕەکەدا کاتێکی نوێ وەرگریت. ئەدرەسەکە لەسەر بانگهێشتەکە نوسراوە.

Om tiden inte passar kan du boka en ny tid på webbplatsen. Adressen står på kallelsen.



تۆ نامەیەکت بۆ دەنێردرێت بۆ ماڵەوە کە وەڵامی پروڤوەرگرتنەکەی تێدایە. نامەکە بە سویدیە و لە ماوەی  سێ مانگدا بۆت دێت. هەندێک جار پێویست دەکات پروڤێکی نوێیان بدەیتێ. لەو حاڵەتەدا بانگهێشتێکی نوێت پێدەگات.

Du får brev hem med svar från provtagningen. Brevet är på svenska och kommer inom tre månader. Ibland kan du behöva lämna ett nytt prov. Då får du en ny kallelse.

För info om symbollicenser: http://www.dart-gbg.org/licenser
Detta bildstöd är skapat via www.bildstod.se i samarbete med
Närhälsan Kunskapscentrum för sexuell hälsa i Västra Götaland